زمانی نووسین/ زمانی حیکایەتکردن.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

بەدریار: هەر مژوویەک خەی دووپات بکاتەوە دەبێتە کەمیدیا، هەر کەمیدیایەکیش خەی دووپات بکاتەوە دەبێتە مژوو.

رابردوو ماڵی ونبوونکان و ئەفسانەکانمانە، ماڵی بەیەکداچوونی مردن و ژیان.. رابردوو، تەواوی سەرکەوتنە مرۆڤکانی خەی لە تاقیچگەی تووندوتیژی و سەزداریدا هەڵگرتووە، هەموو ئەو حیکایەتانەش لە کتێبکی غەمگین تۆمار کراون.. پرسیار ئەوەیە: گەڕانەوە بۆ ئەو ماڵە، ئاگایی تۆخ دەکاتەوە؟ گەڕانەوەی رابردوو، واقیع دەوڵەمەند دەکات؟

شەی یادەوەری و فەرامۆشی

مژوو کەتایی هات. ئەو رستەیە پڕ لە ئیشکالییەتە بەدوای خۆیدا تەپوتۆزی زەری جێهێشت، بەرزی و نزمی زەری تێکەوت. مژوو کەتایی هات. لەو رستەیەوە مرۆڤ بۆ هیچ پەوانە ناکرێت، مرۆڤ بۆ داهێنان و کارە تەکنیکییانە پەوانە دەکرێت، کە خەی بەرهەمی هێناون، بۆ مانایەش سەردەمی داهێنان و داهێنانی دیجیتاڵی دەبێتە بەشکی گەورەی ژیانمان.. سەردەمی پاراستنی جەری مرۆڤ و هەوەدان بۆ لەناوبردنی ئەستەرەی زەوی.. بیرکردنەوە لە داهاتووی مرۆڤایەتی کە ئاخە ادەی ژیریی مرۆڤی بۆ مانەوەی مرۆڤ دەستدەدات. یان ئیتر بۆ (مانەوە) پەویستمان بە جەرەك لە مرۆڤی باڵایە، کە جێگا بۆ مرۆڤەی ئەستا لەژ بکات؟!

لە ئەستای (ژیریی/ زیرەکیی) دەستکرد و داهێنانە زانستییەکاندا، گەڕانەوە بۆ مژوو (مژووخوازی) کەنەپەرستانەیە و هەرگیز نەك ئاگایی نییە.. بەکو سەزی گەڕانەوە بۆ رابردوو، لە نزیکترین مانادا گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەیەکی ونبوو، لەدەستچوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سەردەمی دیجیتاڵی، ماڵی رابردووی لە وزەکانی بەتاڵ کردەتەوە.. رستەی (دوێنێ لە سینەمادا مژوو، سەرچاوەی ونبووەکانمان و ئەفسانەکانمان بوو) لای (بەدریار) بۆ مانایە نییە، کە مژوو وەك هەچوون و سەیرورە و راپەڕین، چیتر لەسەر شاشکانەوە دەرناکەوێتەوە. چونکە لەنەوان مژووی واقیع و واقیعی مژووییی، مژوو ئامادەیی لە واقیعدا هەیە، وەك لە

سینەمادا دەبینین! بەڵام وەك پەیوەندی بە واقیعی مێژوویی و ئامادەیی نییە.. (ژان بودریار) لە ڕێگای تێگەیشتنی نوێوە مێژووی واقیع و واقیعی مێژوویی، باسی سینەمای کۆنەخواز و نوێخواز دەکات.
بڕوانە: جان بودریار کتێبی المصطنع والاصطناع، ت/ د. جوزیف عبدالله، ص 99، ط 2008.
لایەکی دیکە رستەیەکی (میلان کۆندێرا) لە ڕەمانی "پەکەنین و فەرامۆشی"دا هەیە، دەڵێ."ژیان شتێکی بەردەوامە لە دژی فەرامۆشی" ئێم رستەیە دەتوانێت لە ماڵی رابردوودا دوو تەماشاکردنی تەواو جیاواز بنوێنێ: یەکەم، فەرامۆشکردن. دووەم: بیادهێنانەوە. چەمکی (فەرامۆشکردن) بە ئاوەیە، لە ژیاندا بەردەوام بین و تووشی نسکۆ نەبین. چەمکی (بیادهێنانەوە) بە ئاوەیە، ماناکانی ژیان نەدەڕێنین.. بەڵام پەکەنین و فەرامۆشی لە ماڵێ پێ نیگەرانکەی پێست دیجیتاڵی، هەمنی و گەرمی و سۆزداری ناپارێزێت، بەڵکو خودی نیگەرانی دەبێتە بەڵەی پشتی ژیان. راستێ لە (ماڵ) بە مانا تەقلیدیەکەی دێنێ دەرەوە و ئینتەرنێت دەبێتە ماڵێکی تازە، ئینتەرنێت دەبێتە بەشکی جیانەبووەوەی ژیان.. ماڵەکانمان هەمووی دەبێتە ماڵی زیرەکی جولاو.. قسەکەی کۆندێرا دێشە لەو پرسیارەدا کە بکەینەوە و بڵێین: ئایا مرۆڤ قەرزاری ماڵی هەمنی مانایە، یان دالی جولاو؟ مرۆڤ دەکەوێتە کۆی سیستم و جیاوازی، رابردوو و داهاتوو، رووتی و پێشین، دنیایی و نیگەرانی، زمانی حیکایەتکردن و زمانی نووسین…
زمان ماڵی بوونە، یان ماڵی نیگەرانییەکانی بوون.. لە ماڵی هەمن و گەرم و پە لە سۆزی دونە سیستمی زمان شۆڕیەکی ڕەکوپەک و گونجاوی (سوسێر)ی فەراهەم دەکرد، بەڵام لە ماڵی جولاو و پە لە نیگەرانییەکانی ئەمڕدا زمان بەردەوام لە وەرانیی و گەڕاندایە. زمانی وەرانیی وەك (واڵتەر بنیامین) دەڵێ زمانێکە تەواوی بوون و بیرکردنەوەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە. ئەگەرچی لەبەرانبەر زمانی وەرانیی و جیاوازدا، زمانی حیکایەتکردن شۆڕیەکی زیاد لەخۆ و نالەژیکییە، بەڵام لە ناوەوە هەڵگری پیرۆزی رابردووە، پیرۆزی رابردوو جگیرە، بەڵام زمانی وەرانیی و جیاوازی لە هیچ ماڵێك جگیر نابێت..

لەو لەکەینەوەیدا گەڕان و نیگەرانییەکانی زمانی نووسین وەك داهێنان و داهێنانی بەردەوام، زمانی حیکایەتکردن و بیرهێنانەوە وەك رابردووی دوور و لەمێژینەی نەگەڕ دەخوێنینەوە… ڕەنگە پرسیار ئاوە بە ئایا زمان لە هەردوو باردا هەر زمان نییە؟ زمانی نووسین پەیوەندی بە داهێنان و خەیاڵکردنی داهێنرانەوە دەکات، زمانی

حیکایەتکردن پەیوەندی بە بیرهێنانەوەی لەخۆ هەیە. زمانی نووسین و داهێنان دەکەوێتە نێو گێژاوی جیاوازییەکانی خەیاڵی سەردەمەوە، حیکایەتکردن دەکەوێتە نێو بیرهێنانەوە جۆگیرەکانی ماڵی مێژووەوە. یەکەمیان پەیوەندی بە گێژاوی و سەیرورەوە هەیە، دووەمیان بە لەخۆیی و پیرۆزی. جیاوازی نێوان سەیرورە و پیرۆزی، هەر جیاوازی نێوان گێژاوی بەردەوام و جۆگیری نییە. بەکو جیاوازی نێوان ئێستا و ڕابردووە.. جیاوازی نێوان هێواشانەوە و یەکپارچەییە.. زمانی داهێنان لە نووسیندا سیستمی دال و مەدلول هەڵدەوشێنێتەوە و بەرەو خەیاڵی نادیار هەنگاو دەنێت، ئەوەی لە داهێنانی بەردەوام دەمێنێتەوە نیشانەکانن. بەڵام زمانی حیکایەتکردن بۆی نییە، لە چوارچێوەی سازی مەدلووڵ پیرۆزکانییەوە دەربچێت، لە بەرزترین پلەی بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوەدا بیر لە هاوگونجانی مەدلووڵکانی دونیە لەمەدا دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز بۆی نییە، پیرۆزی دالە جۆگیرەکان تێپەڕێنێ.

داهێنان فەزای گریمانەیی نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام مرۆڤ لە سیستمی هەڵبژاردن دانەبڕاوە، بەو مانایەش داهێنانی ئەدەبی و هونەری لە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد لە ڕێگای پاڵینکردنەوە، دەتوانێ خەی لەگەڵ واقیعی گریمانەیی ئاماژەکان بگونجێنێ. هونەری نووسین هونەری وێناکردن و بەرهەمهێنانەوەی دالی بەردەوام و نادیارە، وەک ڕووە جیاوازەکانی حەقیقەتە. هونەری حیکایەتکردن، هونەری بەبیرهێنانەوەی مەدلووڵە پیرۆز و جۆگیرەکانی ڕابردووە، وەک حەقیقەتی چەسپاوە. کەواتە نووسین بەرهەمهێنانەوەی خەیاڵی نا-نواندنەوەیە. حیکایەتکردن بەرهەمهێنانەوەی پیرۆزی جۆگیرە. لێنەوان پیرۆزی و نانواندنەوەدا.. خەیاڵی نانواندنەوە فرە ڕەهەندترە لەوەی پیرۆزی حەقیقەتی چەسپاو بەرگەی بگرێت. ئەسڵی حەقیقەتی حیکایەتکانی ڕابردوو، لێنەو بەرەو پێشچوون و فرە ڕەهەندی خەیاڵی داهێنرانەی نووسیندا وندەبێ. یان بە مانایەکی دیکە مەدلووڵە چەسپاوکان، لێنەو دالە گێژاوکاندا بەردەوام کاتر دەبنەوە.

لە حیکایەتدا هیچ ڕووتییەک بوونی نییە، زمان و جیهان هیچ درزێکیان لێنەواندا نییە، زمان و پیرۆزی یەکپاچێن! حیکایەتکردن گوزارشت لە تەواوی زمان وەک پیرۆزی دەکات، پیرۆزی تەواو یەکپارچە خەی داپێشیووە. بەڵام لە نووسیندا زمان ڕووتە، بەو مانایەی کە گرژییەکی گەورە لێنەوان مەدلوول و دالەکاندا هەیە. لە نووسیندا ڕووتی نەرمی باڵایە، باڵابوونی ڕووتی لە خەیاڵی زمانی داهێناندا

بەردەوام خەی دەگۆڕێت. بەتەعبیری (واڵتەر بنیامین) دوای رووداوی بۆرجی بابڵ، مرۆڤ و زمانی مرۆڤ بە هەمیشە کۆتتە بەردەم پڕتەوازەیی و ئاڵۆزی… بە زەتر شارەزایی بەوانە کتێبی یەکەم، کۆشەی سوبکت، چاپخانەی سەردەم، 2014، سلێمانی، ل33، پێشەوا محەمەد.

حیکایەت ئاسەی نیعمەتە، ئاسەی نیعمەتی حیکایەت مەدلوولە پیرەزەکانی رابردووە. نووسین ئاسەی سرووشتە، ئاسەی سرووشتی نووسین دەلالەتە گۆاوەکان و سیرورەی خەیاڵی داهێنانە. لەنەوان زمانی نووسین و زمانی حیکایەتکردندا رووبی و ئاڵۆزی وەستاوە، رووبی گرەنتی پەیوەندی نەوان مرۆڤ و جیهان دەکات و هەر لەرەوە وەهمی پیرەزی هەناسە دەدات، پیرەزیەکان خەیان رادەگەیەنن و خەیان وەک بونیاد دەسەپێنن. بێشکی گۆڕەی خەسەپاندنی پیرەزی لەوەدایە کە پیرەزی نە بەمان دەگیرەت و نە بەمان پێ دەکرەتەوە. لە دووەمیاندا زمان بێشکی نەگوتراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەردەوام بەرانبەر بە جۆوکردن بەرهەستی دەکات. لەرەدا نەگوتراوی زمان نادیاری دەخاتەوە، نادیاری ئاڵۆزی لەدەکەوەتەوە.. بێشکی گۆڕەی ئاڵۆزی داهێنان لەوەدایە، کە زمانی داهێنان رابەرێکی دیاریکراو پێشوایەتی ناکات، چونکە هیچ جەرە قسەکەرێکی نییە.. بوونی زمانی نەگوتراوەکان لەگەڵ زمانی قسەکەر یەکە! بە مانایەکی دیکە ئەوە زمانە قسە بە قسەکەر دەکات. واتە زمان ئامرازی گەیاندن نییە، زمان خەی لە ڕەگای خەیاوە دەردەبڕێت. بەیە لەو حاڵەتەدا زمانی نووسین قەیرانێکی قووڵ ڕووبەڕووی زمانی حیکایەتکردن دەکاتەوە، کە تا ئەو کاتە جگە لە مانا شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە. هەمیشە زمانی حیکایەتکردن هەوەدەدات ماناکان و دەلالەتەکان بەسەر وشە و چەمکەکاندا بسەپێنە، دەیەوێت چەمکەکان بەردەوام لەکاڵی بکاتەوە و بەرگی زمانی پێتی-ناوچەییان بەبەردا بکات. بە زەتر شارەزایی بەوانە: خولیای شیکردنەوە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر 2022، چەمکی زمان ل9.

سەرەڕای ئەوەی زمانی حیکایەتکردن، هەوەدەدات هیچ جەرە گرژیەک لەگەڵ سیستمی بەمیرات بەماوە رووندات و ڕووتی رووداوەکان بە هەمیشە بە نرخی دەخی باەدەست بپارێزە.. بەڵام زمانی نووسین وەک جیاوازی، بەردەوام لەو دەسەڵات و پیرەزیەی حیکایەتخوان دووردەکەوەتەوە، نموونەی زیندووش دوورکەوتنەوەکانی ئەمە لە چەمکەکانی ڕۆشنبیر، جەماوەر، شۆشگێر، شێخ، ئاغا.. ناپەیوەندی بە مەدلوولە داپۆشراو و پیرەزەکانی رابردوو.. لەرەوە بە رووتی نووسراوە لە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد، لە فەزای ئەتمۆسفرایی و گریمانەیی سیمیۆلەزیا.. فەرم، جۆگەی جۆهەری

گرتەتەوە.

یادەوەری

گیان بە دوای باوکدا

ئەفلاتوون بیرچوونەوە بە نەزانی دادەنێت.. بەڵام لای (پۆل ریکۆر) لەبیرچوونەوە نەزانی نییە و دوژمنی مەعریفە و بەبیرهێنانەوەش نییە، بەڵکو گوزارشت لە حاڵەتێکی دڕووست دەکات، کە بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان تووشی دەبن. ریکۆر لە تێزەکەیدا و لە کتێبی (یادەوەری، مێژوو، بیرچوونەوە) پێیوایە ئەوە مێژووە یادەوەری لە فەرامۆشکردن دەپارێزێت، مێژووش ململانێی نێوان مرۆڤ و بەبیرهێنانەوەیە. لەبیرچوونەوە هێز و یادەوەری ئەرکە، هەردووکیان بەشداری لە پێکهاتنی مێژوودا دەکەن.

کەواتە ویستی بیرچوونەوە، توانایەکە بە بیرهێنانەوە، یان لەبیرچوونەوە لە ڕێگای زمانەوە نوێنەرایەتی ڕابردوو دەکات، زمانیش چالاکییەکی لەخۆی نەوان بیرهێنانەوە بیرچوونەوەیە. ئەو گوتەیەی ریکۆر بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبەستە پشتگیری بە کەدە بەناوبانگەکەی (مرۆڤ فەدراوەتە نەو زمانەوە)ی ژاك لاکان.. چونکە وەك چۆن ناتوانین حوکم بەسەر زماندا بدەین، بە هەمان شێوەش ناتوانین حوکم بەسەر لەبیرچوونەوەدا بدەین. مرۆڤ لای لاکان وەك بەندەی ویستی زمان و لای ریکۆ وەك بەندەی ویستی بیرهێنانەوە دەمێنێتەوە.. بەیە مرۆڤ پێویستە ڕێگا بە ویستی زمان و بیرچوونەوە واتا بکات.. چونکە داهاتوو ملکەچی زمان و بەبیرهێنانەوە و لەبیرچوونەوەیە.. لەسەر ئەو بنەمایە ریکۆر لە کۆجیتەکەیدا دەڵێت: من بیرم دێتەوە کەواتە من هەم، من بیرم دەچێ کەواتە من هەم. لەو کۆجیتەیەوە جەخت لە پێوەندی بەبیرهێنانەوە بە بوون و لەبیرچوونەوە بە بوون دەکات.. مرۆکی بوونگرایی بە بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە دەبەخشێت.

لە تێزەکەی ریکۆردا زمانەوە، گێڕانەوەی ڕووداوکانی ڕابردووە، بەڵام ڕابردوو وەك خەی نا، بەڵکو گێڕانەوە دووبارە بەپێی کات و شوێنی جۆراوجۆر، بە دارشتنەوەیەکی دیکە هەڵدەستێتەوە.. بە ئەوەی یادەوەری و خەیاڵ لەکجیا بکاتەوە.. دەشێ خودی خەیاڵیش ڕابردوو بونیاد بنێت.. کەواتە ئەوە ویستی لەبیرچوونەوەیە، یادەوەری وەك پرۆژەیەك بە داهاتوو تەماشا دەکات.

لەرەوە پرسیارەکی وردی (سانت ئۆگستین) هەیە، ئەویش: چۆن دەشێ قسە لە بارەی لەبیرچوونەوە بکەیت، ئەگەر لەژێر سایەی بیادهێنانەوەی لەبیرچوونەوە نەبێ، بەو مانایەش بیرچوونەوە ملکەچی ئاگایی تاکە، ئەگینا چۆن دەزانێ لەبیری چۆتەوە؟ هەبەتە میکانیزمی کاری

مرۆڤەکان لە بەرانبەر ترسی لەبیرچوونەوەدا هەمیشە بە دوو شێوە تەماشا کراوە، یان ترسەکە بووەتە هەی خولقاندنی بەرهەمێکی مەزن و گەورەی ئەدەبی و هونەری یان زانستی.. یان زەر جار بە پێچەوانەوە بووەتە هەی وەرانکاری و شێە و کوشتن..
بەڵام ئەمە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تەواوی وێنەکان، تەواوی دال و مەدلولەکان هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ویستی بیرهێنانەوە نییە، بەڵکو تەنها نیشانەکان، دەلالەتەکانن.. لەرەدا دەلالەتەکان دەلالەتی بیرهێنانەوە نیین، بەڵکو نیشانەی زیدە واقیعین.. (ژان بودریار) دەڵێ زیدە واقیعی دۆخێکی نوێی کەمەڵگایە کە ئاگایی بە بوونی خۆی بووە بە هەستکردنێکی نمایشکارانە، واقیعی گێڕاوە بە نمایش، هیچ کەلێنێکی بە رۆحنە نەهێشتۆتەوە، واتە نیشانەکان نە هیچ شتە دووبارە دەکەنەوە و نە بەرهەمی دەهێننەوە، جگە لەوەش هەر شتە نەیەتە نێو نمایش وەک نەبووە وایە.

کەواتە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد، هەر تەنها ڕاڤەکردنێکی نوێ نییە، بە یادەوەری و لەبیرچوونەوە.. بەڵکو زمانی یادەوەری لە سەزی گێڕانەوە بە (دایوباب) شیدەکاتەوە.. لە سەزی گێڕانەوە بە ئارەزووکردنی دەسەڵاتدا دەبینێت. بەو مانایەش ئامانجی یادەوەری بەدەستهێنانی ئارەزووی دەسەڵاتی (دایوباب)ە، بە ئەوەی جارێکی دیکە وەک باباتی ئارەزوو لەگێڕ (دایوباب) یەکبگرێتەوە (وەک لە قەناغە یەکەمکانی منداڵی..). لەرەوە سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد تەنها فیکری نوێی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بونیادی خودی بیرکردنەوەی گێڕیوە.. لەبری سرووشتی نیشانەکان و چێنیەتی ڕاڤەکردن، خودی نیشانەکانی گێڕیوە. کەواتە لەنێوان زمانی نووسین و زمانی بیرهێنانەوە و لەبیرچوونەوە گومانی هاوابوون هەیە! دەبە زەر لەی نەچینە پێشەوە، بەڵکو دەبە ڕاستی ئەو مسافەیە بپارێزین. وەک ئەوەیە بڵێین: لە سەزە گەرمەکانت دەترسم، زەر لەم نزیك نەبیتەوە!.
ئەوەی پەیوەندی نێوان زمانی نووسین و زمانی یادەوەری، زمانی نووسین و زمانی حیکایەتکردن، یان تەکنەلۆژیا و زمان بگشتی بێنێوە دەبات، گومانی هاوابوونی شیعری بە شیعریەت، یادەوەری بە لەبیرچوونەوە، گێڕانەوەی بە خەیاڵ…
(ژیل دەلەز) نائاگایی بە شانۆی نمایشکردنی دراما ئەدیبییەکان دادەنێت و بە تووندی قسان لەبارەی نووسین وەک گێڕانەوە بە یادەوەریە کەسیەکان دەکات، پێیوایە نووسین ئەوە نییە، کە باسی یادەوەری و سەفەر و سەرگەرمی و نەخۆشی و خەم و خوون و خەیاڵەکان دەکات. زمانی نووسینی داهێنەرانە ئەوە نییە، کە بە ژەر هەژموونی

دەستپاتی رابردوو دەگەڕێتەوە، یان بۆ خەیاڵداهاتنی نیازخوازانە و سۆزانەی رابردوو نییە، وەك چۆن زمانی نووسینی داهێنرانە ئاوا نییە، کە بە واقیعدا هەڵدەڕێت.. لەڕ ئاوای لە هەردوو باردا بۆ تۆخی ئامادەیی، دەستپاتی چیەکی دایە و بابەیە! بۆ مانایە دژە بۆیەن بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە بونیادەکی ئەدیبی (واتە مەیلی گیانەوەری کچ بۆ باوك و کوڕ بۆ دایك) هەیە، کە بۆ نووسینی حیکایەتکردنی یادەوەری، نووسەر بۆ واقیعی پێیهەڵدەستێت، یان لە خەیاڵی کێنخوازانەدا دەیچێنیت. لە کۆتاییدا ئاو شاوەیە لە بیرکردنەوە بڕاوە گیان بۆ دوای باوك و دایکدا دەتبات، وەك چۆن لە خاونە (ئەدیبیکانت) دەیبینیت، ئاوەش پێوەندی بۆوە هەیە، کە لە ڕەگای دایك و باوکاوە دەتاوێت منداڵی خۆت بدزیتەوە، بۆیە لە پێناو دایە و بابە دەنووسیت. بۆزێتر شارەزایی بۆوانە: المجلة -العدد 1964 ديسمبر/ كانون الاول 2024، الكتابة والنسيان، عبد السلام بنعبد العالي.

پرسیار ئاوەیە ئایا زمانی نووسینی داهێنرانە دەتوانێت بەسەر زمانی حیکایەتکردندا زاڵ بێت و هۆشیاریی مرۆڤکان لە گرێی ئەدیبەوە بگۆڕێت بۆ سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد؟ نووسین هۆشیاریی خۆڵ دگۆڕێت! پاشان ئاو خۆکانی گیاون، ئاو جیهانە دگۆڕان کە تێیدا دژین.. چۆن گرێی ئەدیب ژیانی تایبەتی خۆی هەبوو. ئایا ژیانی سەردەمی پاش حەقیقەت و زیرەکیی دەستکرد، بۆوای بۆ تێگەیشتنی ژیانی تایبەت هەیە.. زمانی نووسین ڕووبەرووی ژیان و کەسەکان دەبێتەوە، بۆ ئاوەی خەیاڵی داهێنرانەی خۆی بسەلمێنێ و نکۆڵی لە هەموو شتێ کەسیەکان بکات.. ئایا بۆ ئاوەی ڕووبەرووی ژیانی تایبەتی بێتەوە، دەچێتە خەیاڵی داهێنرانەی خۆیەوە؟.
زمان بۆیە دژی تاشتە لە خەیاڵ بۆ ناویدا تێپەڕیت. بۆام هەرگیز زمان، ژیان ئارشیف ناکات، بۆگۆڕانەمەی ژیان بۆ خۆی ژیانێ، بۆگۆڕانەمەی زمانیش خەیاڵی زمانێ. ئارکی ژیان نییە لە خۆی بکۆڵێتەوە، ئارکی زمان نییە، لە بۆگۆڕانەمەکانی خۆی بکۆڵێتەوە. نووسین بۆگۆڕانەمەی خەیاڵی ژیانێ و ژیان لە پێناو ژیاندایە، ژیان لە پێناو پشکۆتنکانی ژیاندایە. نووسین تەقاندنەوەی خەیاڵی زمان و ڕەتکردنەوەی ئاو سیستەمەیە، کە دەستی بەسەر ئازادی خەیاڵدا گرتووە. وەك چۆن پۆیستە ژیان وەك دەستبەسەرداگرتن فڕامش بکەین! پۆیستە زمانیش وەك تەقاندنەوەی خەیاڵ خۆی درژ بکاتەوە!

ژیان و نووسین بە گەیاندنی پەیامەکانیان گرنگ و لەسەر فەرامۆشی و بیرهێنانەوە دەکەن. بەڵام بە ئاوەژووی ژیان پەیامەکەی بگەیەنێت، دەبێ یارمەتی لە زمان وەرگرێت، نەک بیرهێنانەوە و بیرچوونەوە، نەک مژوو و رابردوو.. چونکە زمانی نووسین بەرجەستەکارێکی سەیری خەیاڵی خەیاتی، بەرجەستەکاری خودی ژیان نییە. بەرجەستەکردنی خەیاڵی خودی زمان وەک خەیاڵی جوڵاو و سەیرورەی بەردەوام ڕەز لەگیراوە.. ژیان لەبەردەم داهێنانی خەیاڵی زمان بەردەوام چەماوەتەوە.. زمانی داهێنان چاوەڕێی یارمەتی لە ژیان ناکات، لە سەربەخۆیی و ئازادیدا ژیاگ و ژیشەی درێژ دەبەتەوە. ژیانیش ئەوەندەی توانای دووركەوتنەوەی لە ڕابردوو هەیە، توانای ئامادەبوون و زیندووکردنەوەی ڕابردووی نییە، چونکە حەقیقەتی ژیان حەقیقەتی پاش سەردەمی حەقیقەتە. وەک چۆن خەیاڵی زمانی نووسینی داهێنەرانە ڕەنگدانەوەی بەخەیاڵدا هاتنی ڕابردووی نییە، ئامادەیی خەیاڵی زمانی داهێنان لە تەقینەوەی بەردەوامدایە. تەقینەوەی خەیاڵی زمانی داهێنان لە دوو ڕووداودەرکەوتە، وەک ئاوەژووی بەردەوام بەشایی بخاتە زمانی ڕابردووەوە، وەک ئاوەژووی بەردەوام زمانە لەنەو زماندا دابهێنێ.

هەولێر 17/12/2024
عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

شاعیری تەلارساز و شیعری بە تەلارسازیی!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

زمان لە پانتایی کەمڵایەتیدا، زمانی گشتە و ئامرازێکە بە گەینەوەی بیرو ڕا و ئاڵقەی پەیوەندی هزریی و کەمڵایەتی نێوان کەسەکانە. زمان لەڕدا، مەرکەکی گشتییانەی هەیە و زمانی هەمووانە. بەو پێیەی هەمووان بەو زمانە دەئاخافن و گوزارشت لە هەزر و تەگەیشتنیان دەکەن. بەمش زمان خاوەندارێتییەکی نییە، بەڵام هەمان ئەو زمانە، کاتە دێتە نەو نووسین، جارێك لە مەرکی

تایبەتی وەردەگرێت و دەبێتە هەڵگرێک بۆ ناسینەوەی ئەزموون و ستایلی نووسەرێک، بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو زمانەی، لە ئەزموونی نووسینی ئەوانیتری جیا دەکاتەوە. بەمەش زمان، تایبەتمەندییەکی واتایی و هونەری وەردەگرێت و پێویستی بە هەڵساکانی نووسین، خاوەندی و داشتن و لێکدان بۆ گشتی هەیە، کە ئەمە لە زمانی دەربڕینی ئاسایانەی هەڵزدا هەڵچاو ناکرێت. بەو مانایەی ئەوەی لەرەدا گرنگ گەیاندنە، بەڵام لە نووسیندا، لە پاڵ گەیاندن، شێوە و جۆری ئەو گەیاندنەش گرنگە، کە هەر ئەمەش نووسین و زمانی نووسین لە زمانی دەربڕین بە مانا ئاساییەکەی جیا دەکاتەوە. تایبەتمەندییەتی زمان لەرەدا، بە مانای ئەوە نایەت کە زمان سیما واتایی و فەرهەنگییەکانی خۆی لەدەست بدات و سیمایەکی دیکەی بە دابتاشرێت، چونکە هەهەندەکانی وشە و دەربڕین لە ئاستی زمانی تایبەتدا، هەمان ئەو چەمک و دەستەواژانەن، کە لە چوارچێوەی زمانە گشتییەکە هەن، بەڵام هەهەندی واتایان دەگەڕێت. شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی، لەدەرەوەی هەموو هەسایەکی زمانەوانییە و دەشە هەسکانی زمان و هەزمان، لە شیعردا، لە دەرەوەی ئەو هەسا زمانیانە بن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، زمان لە شیعردا هەمان ئاستی زمانی کەمەایەتی هەبێت، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی، بەرلەوەی هەهەندێکی واتایی و بابەتی هەبێت، پێکهاتەیەکی زمانەوانی هەیە و لە وشە و ستە پێکهاتووە. ئیدی ئەو هەهەندە زمانەوانییە، دواجار هەهەندی مانایی لە شیعردا دروست دەکات. نەبوونی هەساکانی زمان و خاوەندی لە شیعردا، بە مانای ئەوە نایەت، بە هیچ پێوەندییەکی بابەتی و کرداری زمانەوانی، ئیدی وشەکان لە شیعردا دابنرێن، شیعر لە بنەەتدا هیچ نییە، جگە لە کردەی گەینی زمان، لە زمانی سادەی شەقامەوە، بە زمانی تەکست و نووسین. شیعر لە بنەەتدا، بە هونەریکردنی ئەو زمانەیە، کردەی بە هونەریکردنی زمان لە دەقی شیعریدا، ئەو پەوەرە ئستاتیکی و ئەدەبی ز زمانییە، کە زمان لە مەودا کەمەایەتییەکەی دەگەەت بە زمانی شیعر. بەو مانایەی زمان کاتە دەبێتە بەشێک لە تەکستی نووسراو، شیعریش وەک تەکست، ئیدی ئەو زمانە نییە، کە ەژانە بڕیدەکەوین و لە پانتایە کەمەایەتییەکەدا بەشەکە لە ئامرازی ئەقەی پێوەندی کەمەَلایەتی. ئەمە کاتە شوناسی شاعیر دەدەینە پاڵ کەسێک، لە سەنگەی ئەو کردەی بە هونەریکردنی زمانە، کردەیەک کە زمان لە وشە و دەربڕینی ئاساییەوە، دەگەەت بە زمانی شیعر و چەژ و مانا. لەرەوەش زمانی شیعر و زمان بە مانا کەمەایەتییەکەی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. شیعر بڕ لەوەی چەژ، مانا، تەمای شیعری بێت، لە بنەەتدا زمانی ئاماژە و نووسینە، هیچ زمانێکی مانایش بە بە

هەگەی ماناوە بوونی نییە، ئەمە چونکە بەدرێژایی مێژووی شیعر، سەروکارمان تەنها لای وێنە و مۆسیقا و چڕی شیعریی و سەرواو کێش بووە، ئیدی بەگشتی کەمتر ئاستی زمانەوانی هەڵزمانیمان لە ئەزموونی شیعری شاعیران خستۆتە بەر فۆکس. بەیەشە دەبینین ئاوەی بە ئەمە لە شیعردا بە گشتی گرنگە، ئاو مەودا هونەریی و چڕە شیعریەیە، نەك کردارەکانی زمان، هەکخستنی زمانەوانی و پەیوەندی وشە و مانا و دەنگ و مەرفیم و ستانزای شیعریی و تەپۆگرافیای دەقی شیعری، کە هەموو ئەمانە دواجار پێکهاتەی هونەری دەقی شیعرین. نەبوونی هەسکانی زمان لە شیعردا، وەك ئاوەی شیعری خەی زمانە و لە دەرەوەی هەهەندی زمانەوانییە، بەو مانایە نییە کە ئیدی تەنها گوتن و دەربڕین لە شیعردا بکرێتە پاوەر، بەکو هەکخستنی زمانەوانییش لە شیعردا، لە ئاستی هەزمانیدا، دەبە بوونی هەبەت، بەتایبەتیش کاتێ زمان سیفەتێ زمانەوانییەکانی وەك تاك و کە و هاوەکار و شوێن و پێشگر و پاشگر وەردەگرێت. نەژادی عەزیز سورمە، لە کەمەکە شیعری (تەلارساز و هەندە لە زیندە خاونەکانی) گەرچی ناونیشانی کەمەکە شیعرییەکەی تەلارسازە، بەڵام ئاوەی لاو شیعرانەدا نەبەت تەلارسازیی شیعرییە! شیعر لەبونیادنانی ئاو باڵاخانە سەد نهەمییە دەچێت، کە دەبەت ئەندازیانە، هەر خشت و دیزاین و پێکهاتەیەك یەکتری تەواو بکەن، بە ئاوەی بە هەمووییان دواجار دیکەرسازییەکی جوان بە باڵاخانەکە بەدەن، بە ئاوەی لە دوورەوە ببێتە جێی سەرنج و هەوەستەکردن. لاو کەمەکە شیعرەدا، لەکەمترین شیعردا، هەچاوی ئاو تەلارسازییە کراوە، شاعیر ئاوەدەی مەبەستی بووە، لە ووی شیعر و وێنەی هونەرییەوە لە سەر زمان بووەستێت و شتێك لە پەراوێزی بە ناو شیعرەوە بەێت، ئاوەندە هەهەندی واتایی و زمانەوانی شیعرەکانی بەلاوە گرنگ نەبووە، بەیە بە ئاوەی هەستتی پە بکات، کاوتە هەکەی دەربەینی شیعرییی و زمانی، بە جۆرێك تەنانەت کردارە زمانەوانییەکانی تاك و کەشی، کە بنچینەیەکی سەرەتایانەی هەر زمان و دەقێکە، هەچاو نەکردووە ،وەك ئاوەی ئیدی ئەمە بە شیعرو پێکهاتەی هونەری دەقی شیعری گرنگ نەبێت. نەژاد لە شیعرەکدا دەێت:_

شیعر و مۆسیقا
لە ئاسمانی هەرە بەرزاوە
بە سەر کەشکی پاشادا دەبارە
ئاویش بە یەکسانی
بە سەر هاونیشتمانییانی دابەش دەکا (تەلارساز _ ل 159)

گەرچی شیعر ژانرێکە لە دەرەوەی هیچسا زمانییەکان و ناچێتە نەو

ئەو کەسپێتە زمانییەی کە هەیە لەووی ڕەزمانییەوە چونکە ژانرەکی ئازادە، بەڵام کاتە مانای شیعریی، لە پڕاوێزی کردەی زمانی و ڕەزمانی دروست دەبێت، بەگومان دەبە ڕەچاوی بنەما ڕەزمانییەکان بکرێت. لەو ڕوانگەیەوە گەر سەرنج لەو کەپلە شیعرییە بدەین، دەبینین شیعر و مۆسیقا دووانن، کەچی کرداری دەبارە تاکە، واتا بکەر کەیە، کار تاکە، بەیە دەبارن دروستترە. شیعر و مۆسیقا، دوو ژانری جیاوازی سەربەخۆن و یەکەکییان ئەدەبییە و ئەویتریان هونەرییە و هیچ پەیوەندییەکییان بە یەکەوە نییە، بە شێوەی تاکیش دانابارن، چونکە ئامرازی واوی جیاکردنەوەیان هەیە، کەواتا دەبارە هەڵیە. وەرای ئەمەش ئەم شاعیرە دەیەوێت پەیامی ئەوەمان بداتێ، گەر پاشا نەبێت، ئەوە شایەنی شیعر و مۆسیقا نین، خودا لە ئاسمانەوە بە سەر کەشکی ئەو دەیانبارێنێت، دواتر ئەویش وەک بەحشش و دەسکەوتەکی پاشایانەی خۆی، بە هاووڵاتییەکانی دەدات ! بە ڕاست پاشا هەیە لە دنیادا، یەکسانخواز و دادپەروەر بێت؟ شیعر و مۆسیقا کە لە ئاسمانەوە دەبارن، بۆچی دەبە تەنها بە سەر ماڵی ئەو پاشایە دابەارن، کە شاعیر پەسنی داوەو پێی وایە گەر ئەو نەبێت، ئەوا کەسمان شیاوی ئەوە نین گوێ لە شیعر و مۆسیقا ڕابگرین؟ ئایا ئەرکی شیعر وەک پێشەوی مەزن وتنانی ئەوێیە وەک چەکوچ سەری پاشاکان پان کات یان ستایشییان بکات؟ شاعیر لە وێنەیەکی دیکەی شیعریدا، هەر پەیوەست بە کردە زمانییەکانەوە، ئەمجارەیان دەڵێت:_

بوونەوەر

چاوی شێدایان

لە گەنجینەی سەرو بنی دنیا دایە (تەلارسازو _ ل 78)

هەندەک وشەی تایبەتمەند لەزمانی کوردی هەن، بە نیشانەی ئەلفوونوونی کە، خەیان دەلالەتی کە وەردەگرن، وەک (میللەت، گەل، تیپ، بوونەوەر) بەڵام کاتە ئەم وشانە دەچنە نەو چوارچێوەی هەستێیکی گەیاندنەوە یان هەر هەستێیکی دیکە، کە تیایدا گوزارشتەکانی کرداری تاك و کەیان تێدا بێت، ئەوا ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی خەیان نامێنێت. بوونەوەر لەو وێنە شیعرییەدا تاکە، کەچی چاوی شێدایان، کەیە چونکە نیشانەی کەی بە سەرەوەیە، بەیە بوونەوەرکان دروستە. ئەمە کاتە باسی گەلانی دنیا دەکەین، نەڵێین (گەلی دنیا) بەڵکو دەڵێین (گەلانی دنیا)، بەڵام کاتە باسی گەلی کورد دەکەیین دەنووسین (گەلی کورد) لەرەدا، ئەو گوزارشتە مانای کەیانەی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام گەلانی کورد، نابێت، چونکە کورد یەک نەتەوە و گەلە، وەک هەر گەلێکی دیکەی دنیا. شاعیر وایزانیوە، بوونەوەر چونکە بە مانای کە دێت، ئیدی پێویستی بە نیشانەی کە لەو هەستێیدا نییە، لە کاتێکدا لە میانەی ئەو وێنە شیعرییەدا،

تەلارسازیی شیعری تەکداوە و لەنگیەکی زۆری دروست کردووە. بۆیە دەبوو بنووسەت:_

بوونەوەرەکان
چاوی شەیدایان
لە سەر و بنی دنیا دایە.

هووکەی دیکەی ئەم کەمەکە شیعرەی ئەم شاعیرە، ئەو هەڵە زۆقە خاڵبەندییانەن، کە لە دەڵە شیعرەکاندا کردوویەتی. بە جۆرێك هەستە هەیە پرسیاری نییە، کەچی ئەو نیشانەی پرسیاری بە داناوە . هەستە هەیە پێویستی بە نیشانەی سەرسووڕمان نییە، کەچی ئەو نیشانەی سەرسووڕمانی بە داناوە. ئەم شاعیرە، لە شیعرەکدا دەڵەت:_

لە بازاڕی کوتاڵفرۆشان
کە هەمیشە بە ژنان
هەڵەمەنییان بە دەگەڵتەوە ؟ (تەلارساز _ ل 15)

شاعیر نیشانەی پرسیاری بە دەڵەی سێیەمی کەپەڵە شیعرییەکە داناوە، کە خودی هەستەکە هیچ پرسیارێکی تێدا نییە، بەڵکو ئەم هەستەیە، هەستێکی ئاگەیاندنە و پێویستە بە گەڵانەوەی ژنان وەك هەواڵێك بە بازاڕی کوتاڵفرۆشان ! وەرای ئەمەش شاعیر وشەی هەڵەمەنی بە هاوواتای ئاپەڵا، یان قەڕەباغی بەکار هێناوە، لەکاتێکدا هەڵەمەن بە مانای بە بەشت دەت نەك ئاپەڵا، وەك ئەوەی شاعیر نووسیوێتی ! شاعیر لەو دەربڕینەدا دەیەوێت ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە ژنان چەندە ئارەزووی کەینی کوتاڵ و پێشاك دەکەن و خەیاڵیان هەر لای ئەو کەڵ و پەڵەلانەیە، کە ژنـــــــی لە کەمەڵگەی ئەمەدا پێ دەناسرێتەوە، بەیە ناڕاستەوخۆ دەت لە پێگەو سەنگی ژن دەدات و هەمان ئەو وێنە میللییەی کە کەمەڵگە بە ژن هەیەتی، ئەو دەیکاتە بەناو شیعرەك. دەنا هەموومان دەزانین، مەرج نییە هەر تەنها ژنان بچنە بازاڕی کوتاڵفرۆشان، مەگەر پیاویش پێویستی بە کوتاڵ و سەردانیکردنی ئەو بازاڕە نییە؟ بە ڕاستی بەڵامەوە سەیرە، کەسانەك هەبن ئەو دەربڕینە ناهونەریی و میللی و خەڵکییانە ناو بنێن شیعر. هەر پێویست بە لێساکانی خاڵبەندییەوە، ئەم شاعیرە لە دەڵە شیعرەکی دیکەدا دەڵەت:_

هەزاران ماسی
هەزاران ماسی دەخەن

هەستی دووەم، پێویستی بە ئامرازی پلەی بەراوردی (تر) هەیە، بە ئەوەی هەستەکە، لە ڕووی مانایی و لێزمانییەوە، واتای تەواو بگەیەنێت، چونکە وێنە شیعرییەکەی ئەو، لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە کاتی خوێندنەوەی لەنگیەکی زۆری تێدایە. تەمای ئەم شیعرە، لە

بابەتکی خوێندنەوەی کوردی پڕلی سێیەمی بنەڕەتی هەیە، کە تایبەتە بە چیرۆکی باس لەوە دەکات، کە چۆن ماسییە گەورەکان، ماسییە بچووکەکان دەخۆن، تا ڕۆژێکییان ماسییە گەورەکان بڕیار دەدەن، چیتر ماسییە بچووکەکان نەخۆن. بەڵێ هیچ داهێنان و شیعرییەت و مانایەک لەو کۆپلە شیعرییە نییە. بگومان نموونەی تری لەو شێوەیە، زۆرن بەڵام ئەمە ئەوانەمان وەک نموونە هێنایەوە. دواجار دەبێت، دەکرێ شاعیرێک باسی تەلارسازیی بکات، بەڵام هەرچی تەلارسازییە لە شیعرەکانی دا نەبێت؟ مەگەر هیچ ژانرێکی ئەدەبی، هەندەی شیعر پێویستی بە تەلارسازیی و ڕێکخستن و هونەری وێنە و داڕشتن و مانا هەیە؟!

*پەراوێز: تەلارساز و هەندە لە زیندە خوێنکانی، شیعر، نژادعەزیز سورمە، ساڵی چاپ _2018.

*ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (1245) لە 31/10/2024 بڵاوکراوەتەوە.

سەردانکەی سودانی بۆ بریتانیا بۆ دیپڵۆماسی پەنابەرانکە کۆژیانیان ڕووبەڕووی ناڕەحەتی و نادڵنیایی بۆتەوە!

ڕۆژی سێشەممە ١٣ی جانیوەری ٢٠٢٥ محمد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق و کییر ستامەر سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند کە ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنیان واژۆکردوە لە بوارەکانی ئەمنی و بازرگانی و وەبەرهێنان بە بڕی ١٢.٣ ملیار پاوەند.
ئامانجی ئەم گرێبەستە هەمەلایەنەی نێوان بریتانیا و عێراق وەکو ڕاگەیاندنەکەی خێشیان ئاماژەیان پێکردوە دوو لایەنی گرنگی ئابوری

و ئەمنی هەیە کە هاوکات لەکۆتای سیاسیشی دەبە لە پەیوەند بە نزیکبوونەوەی عیراق لە بریتانیا بەتایبەتی و دەوڵەتانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی. دانی ئیمتیازاتی وەبەرهێنان لەبواری نەوتدا بە بریتانیا کە کۆمپانیەکی گرنگی ئابوری و پیشەسازی عیراق پێکدەهێنن، لەم دۆخە سیاسیەی ناوچەکەدا بەدوای روخانی رژێمی ئاسەد و توندبوونەوەی فشارەکان لەسەر عیراق بە دورکەوتنەوە لە ئێران، ئەو پەیامەیە کە لەناوەڕۆکی سیاسی ئەم گرێبەستە ئابوریەدا خێی حەشاردراوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەم ڕێکەوتننامە هاوبەشە تەواوکردنی هەنگاوەکانی دواتری ئەو ڕێکەوتنەیە کە لە نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا لە نێوان وەزیری ناوخۆی عیراق و بریتانیادا واژووکرا بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەو پەنابەرە عیراقیانەی کە داواکاری مافی پەنابەریان ڕەتکراوەتەوە. ستارمەر و سودانی، هەنگاوە کردارییەکانی جێبەجێبوونی ئەم هەنگاوە نامرۆڤانەیان تاوتوێکردووە.

بەگومان ئەم ڕێکەوتنە بە بریتانیا دەسکەوتکی ئابوری گرنگە لەم دۆخە قەیرانگرتوە ئابوریەی بریتانیادا، هەروەکو دەسکەوتکیشە لە بواری ئەمنی و جێبەجێکردنی سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتکانی بریتانیا کە ساڵانکە بەشێوازی جەراوجەر لەهەوڵی جێبەجێکردنیدان و تائێستا سەرکەوتنکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، بەتایبەتی کە بەشکی بەرچاوی ئەوانەی پەنا بە بریتانیا دەهێنن هاوڵاتیانی عیراقین.

بەڵام ئاگەر ئەم ڕێکەوتننامەیە بە سودانی رازیکردنی دڵی وڵاتانی رۆژئا و بریتانیا بێت لەچوارچێوەی ئەو دۆخە سیاسیە تازەیەی ناوچەکەدا و هەوڵدان بە دوورخستنەوەی عیراق لە هەڕەشەکانی ئیسرائیل لەدوای هێرشکانی گروپە چەکدارەکانی سەر بەئێران لە عیراقەوە بەسەر ئیسرائیل، ئەوا لەناوخۆشدا لەپێناو زیادکردنی باڵادەستی حکومەتی عیراقی و بچوکردنەوەی زیاتری دەسەاتی حکومەتی هەرێمە، لەڕگای رادەستکردنی وەبەرهێنان لە کێگە نەوتیەکانی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و بگرە ژێردەسەاتی پارتی و یەکێتی بە کۆمپانیای "بریتش پیترۆیوم" بەپێی ڕێکەوتنامەی نێوان حکومەتی عیراق لەگەڵ بریتانیادا و دەرکردنی حکومەتی هەرێم لەم گرێبەستدا.

حیزبەکەی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، کە دەوری راستەخۆی هەبوو لەداگیرکاری عیراق و تیکدانی ژیرخانی ئابوری و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگای عیراق و هێنانپێشەوەی چەندین هێز و گروپی دینی و

قومی و عەشیرەتی بە سەرشانی سیاسی عێراق، کە کارنامەیان پڕ لە گەندەڵی و تاوان و کوشتارو ئاوارەکردن و بەماڵوحاڵکردنی هەزاران هاوڵاتی عێراق و ناچاکردنیان بە هەڵبژاردنی ژیانی پەناری و ڕووبووونەوەی کارەسات، نەک ئامادەنین بەرهەمی سیاسەتی چەوتی خۆیان قبووبکەن، بگرە پەنابەرانێک کە شانسی ڕزگاربوونیان بە هاتووچۆ و لەبەریتانیا نیشتەجێ بوون، پێچەوانەی پەیوانە نووسراوەتیەکان لەبارەی مافی پەنابەرانەوە، بەدەستخستنی نووسینی دەسەاتەکەی سودانی، بشۆوێکی نامرۆڤانە دیپۆرتی عێراقیان دەکەنەوە. ئەم هەوڵانەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەپاڵ هەرشی بەردەوامی چینی بەرژوازی و دەوڵەتەکەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی بەریتانیا و سەپاندنی سیاسەتی سکەڵگوشین و بێکارسازی و گرانی و شکاندنەوەی قەیرانە کوشندەکانیان بەسەر شانی خەڵکی کەمدەرامەتی بەریتانیادا دەواتەپشێوە، گوایە ئەوەی هەکاری بێکاری و نەمانی خزمەتگوزاریە گشتیەکانە ئەو ڕاژە زەڕەی پەنابارانن کە بوونتە بار بەسەر ئابووری وڵاتەوە، نەك خودی سیستەمی قازانجپەرستی بەرژوازی بەریتانی کە لەسەر هەژارکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و سەندنەوەی دەسکەوتەکانیان و خزمەتگوزاریەکان و سەپاندنی یاساو ڕێسای سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر چینی کرێکاری بەریتانیادا، سامانی ملیاردەرەکانیان بە ئاسماندا دەچێت.

ئەمە لە ڕەکخستنی بەریتانیایی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەکاتێکدا بەشێکین لە خەباتی چینی کرێکاری بەریتانیا لەپێناو ژیانێکی شارەفتمەند و دوور لە سکەڵگوشین و بێکاری و هەژاری، هاوکات ئەم هەنگاوە سیاسیەی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق و بازرگانیکردن بە ئایندەو ژیانی پەنابەرێکی عێراقیەوە کە لەدزێخی دەسەاتی مافیایی میلیشیایی عێراق و حکومەتی هەرێم هەڕەهاتوون و بۆئومێدی دامەزراندانی ژیانێکی ئارام و شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە موجازەفیان بە ژیانیان کردوەو ماڵوحاڵیان هەرزانفرۆشکردوە، بە تۆندی سەرکۆنە و ڕیسوا دەکەین و دژی دەوەستینەوە. هاوکات بانگەوازی ڕەکخراوە کرێکاری و کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی بەریتانیا و هەروەها کوردستانیانی دڵسۆز دەکەین کە پشتگوێ دژی ئەم پیلانگێڕیەی هەردوو حکومەت بوەستینەوە.

.

ڕەکخستنی بەریتانیایی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

١٦/١/٢٠٢٥

ڕەمانی کۆشان و چێژاوگەی چێژ.. ڕێزا شوان

ڕەمانی (کۆشان و چێژاوگەی چێژ) لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان کاک (دارا خونچە) یە. ڕەمانەکە لە (٤٥٢) لاپەڕە پێکهاتووە. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا لە چاپخانەی (کتێبخانەی فەربوون) دا چاپی یەکەمی کراوە و بەاوکراوەتەوە، تیراژی (٥٠٠) دانە. دەرهێنانی هونەریی (ڕۆژ دیزاین)ە.

هەڵسەنگاندنی ڕەمانی چێژاوگەی چێژ، لە ڕووی: ناوەڕۆک، داشتنی وێژەیی و هونەری، ڕێنووسی، زمانەوانی، هزری، پەیام و ئامانجەکانی، لە خەم رانابینم باس لەسەر هەموو ئەولایەنانەی بکەم. ئەمە بە کاری ڕەخنەگرێکی شارەزای ئەو بوارانە دەزانم، کە بە شێوەیەکی دروست و بە لایەنانەی ئەم ڕەمانە هەبسەنگێنێت.

بەڵام وەک خوێندەرێک، هەر خوێندەرێکیش بە پێی تێگەیشتنی، ڕاو و بۆچوونی خۆی هەیە، دەشێت هاوڕام نەبێت و هەمان ڕا و بۆچوونی منی نەبێت. ئەمەش سروشتییە.

بە تەنها جارێکی خوێندنەوەش، ناکرێت بە پوختی و بە درێژی مافی خۆی بدرێتێ و بە کامی دڵ باس لە هەموو چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکانی ناو ئەم ڕەمانە بکرێت. ڕەنگە بە نووسینی پەرتووکێکیش کەتایی بە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕەمانە نەیات. بۆیە زەر بە کورتی و بە چۆپێی سەرنج و ڕا و بۆچوونەکانم دەخەمە ڕوو.

من پێموایە ئەم ڕەمانە، ڕەمانێکی تازە و ناوازەیە. هەڕە زەری جۆرەکانی ڕەمانی لەخۆگرتووە، وەک: شەڕشگێڕی و نیشتمانی، ڕامیاری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئۆفێندیاری، یادەوەری، بیۆگرافی، کۆمیدی، ڕەخنەیی،... تد.

ڕەمانی کۆشان و چێژاوگەی چێژ، لە ڕووی داشتن وێژەیی و هونەری و ڕەزمانی و هەڵەی ڕێنووسی و جوانکاری و ڕەوانبێژی و خاڵبەندییەوە، مەگەر بە دگمەن هەڵەی تێدا بێت، ئەمەش توانا و بەهێزی و ئەزموونی دوورودرێژی ڕەمانووس لە زمانی

کوردی و هونەری نووسین و داشتن دەسەلمێنێت. بەڵام نووسەر تا ڕادەیەک شەوێ زارەکی ناوچەیی باشووری کوردستانی لە نووسینی ڕۆمانەکەی بەکارهێناوە. هیچ شاکارێکی وێژەیی جیهانیش پێرفێکت نییە و هەڵەی تێدا هەیە. ڕۆمانەکە کراوتە (٧) بەشەوە، هەموشیان بەیەکەوە گرێدراون. چەندین بەسەرهات و کارەسات و چیرۆک و کێشە و بابەتی هەمەجۆری چێژبەخش و خەمبەخشی لەخۆگرتوون، خەندە و فرمێسک، شادی و خەم، تێکەڵ بە یەکری دەبن. ئۆکتۆرێ سەرەکی و لاوەکییەکان لە هەردوو ڕەگەز زۆرن. بەڵام خودی نووسەر، ئۆکتۆری سەرەکی و دینامۆی ڕۆمانەکەیەتی. زۆر ڕاستگۆیانە و بوێرانە بەسەرهاتەکان و خەشی وچێژە سێکسییەکان دەگێڕێتەوە. کە لە ئاین و داب و نەریتی کۆمەڵگای ئیمەدا، ڕەنگە بڤە و سنوور بۆزاندن بن. بەڵام نووسەر بە مافی ئازادی هەر تاکێکی دەزانێت. بەواشی بەو قسانەی هەیە کە دەیانەوێت. بەو کردانەش کە کردووەتی و دەیانکات. نەک هەر خۆ، بەڵکو زۆربەی ئەندامان و لایەنگران و بەرپرسانی ڕێکخراوەکەیان. بەرپرسکانیشیان لێم ڕووەوە، پێشنیاری سەرەشقەن. ئامانجیشیان هۆشیارکردنەوە و گەڵانگاریە لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵ و پووچەڵکردنەوەی، ئەو ئۆفسانە باوە نەریتیە دواکەوتووانەی، کە لە ئەمڕۆدا، بوونەتە لەمپەر لەبەردەمی ئازادی و گەشان و چاکسازیدا. کە تەنیا کەسانێکی چاوچنۆک و دز و پارپێرست و دەسەڵات پەرست لێی سوودمەندن. چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەشیان، بە زۆری لە لە وڵاتانی دەرەوە دایە، چونکە ئازادییەکی زیاتر هەیە. زۆربەی ئەندامان و لایەنگرەکانیشیان، لەو کەسانە کە وازیان لە پارتییەکان هێناوە و لە کەندا پشمێرگە و شەڕشگێڕ بوون. یان لەو کچ و ژنانەن، کە لە ترسی چالاکییەکان و کۆچکردنی سێکسی هەڵهاتوون.

ڕۆمانەووس بە خۆباتی پارتایەتی و ڕێکخراوەیی نهێنی ناو شار، دژ بە ڕژێمی ستەمکار و سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر دەست پێدەکات. کە ئاشکراش دەبێت. بە درێژدان بە تێکۆشان و بەرخودانی، لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمان و مافە ڕەواکانی گەلەکامان. دەچێتە ناو شەڕش و دەبێتە پشمێرگەیەکی دڵگر و نەبەرد. دەبێتە پشمێرگەیەکی چەک هەڵگر و بە سەرکردەیەک لە هەڵمەتی پشمێرگەدا، لە چەندین داستانی نەبەردیی دەستوێخەی شەڕ لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری، بەشداری دەکات وەک کادرێکی ڕامیاریش، گوندنشینەکانیش هۆشیار دەکاتەوە. سەرسەختانەش داکۆکی لە مافەکانی چینی چەوساوە و مافخوراو و سەرکوتکراو و

دەمکوتکراوان و ژنان دەکات. وەک نووسەر و رۆژنامەنووسێکی بە ئەزمونیش، بەسەر هیچ کارەسات و هەڕەشەیەک و چالاکی و چیرۆک و سەرگوزشتە و گەشتنامەیەک، بازی نەداوە کە بە چاوانی خۆی بینیویانی، یا خۆي بەشداریی تێدا کردوون. یان بەیان گەشاوەتەوە. بەبێ ئارایش و تیفکیدان، تەرش و خۆ پێوەکردن، وەک مێژوونووسێکی راستگۆ، لە تێنووسی بیرەوەرییەکانیدا تۆماری کردوون. بوونەتە ئیلهام و هەوێن و لە چوارچێوەی ئەم رۆمانیدا، بە شێوەیەکی وێژەیی و هونەری دایانی ڕشتاون.

بە تونڊی و بە سازشکردن، ڕەخنەی لە هەموو ئاو گەندەڵی و دزی و قورخکردن و خەڵکی و بەرژەوەندپەرستی و هەڵپەرستی و بەسەر و بەرییانە دەگرێت، کە لە ناو شەڕشدا هەبوون. پێگۆ و پایەی بەند و بڕپرسیارێتیی هەستیار و چارنووسساز کەوتبوونە بن دەستی کەسانێکی هەڵپەرست و بەرژەوەندی پەرست و نابەڕاد و گەلحۆ و هەرزەگەی هیچ لەبار، کە لەولای هیچەوە لەقەیان دەکرد. کەسی شیاو نەبوون لە شوێنی شیاودا. کەسانێکی دەربەگ و کۆنەپەرست و هەڵپەرستە و بەرژەوەندی پەرست بوون. فەیان بەسەر شەش و رامیاری و ڕکخستنەوە نەبوو. کەسانێکی کاسڵس و پاوانخوار و مەسینەهەگر و تەشی ڕەس و شانتکۆن و دەچە و یان کەکە ڕشنبیریان لە خەیان کەکردبوونەوە، بە ئاوەی بە شان ۆ شکەیاندا هەڵبدەن. کرمی باڵ بانەوە و خزمخزمەنە و پاشکەیی و ناوچەگەری و خەڵکی و بنەماڵەیی، جەستەی لە شەڵشیان کرمەڵ کردبوو. فرە کوخایی و جیاوزی و دووبەرەکی مەلملانێ و جیابوونەوە براکوژی سەریان هەڵدا.

بە سەدان پێشمەرگەی ئازا و دڵسۆزیان، لە خشتەبردن و لە شەڕی نەفرەتی براکوژیدا بە کوشتیان دان. کە تا ئەمڕۆش هەندێکیان گەنادیارن. دوایش سەرکردەکانی شەڕی براکوژی، وەک نە بایان دیتبێ و نە باران، ئاوەی بە بیریاندا نەیات ئاو پێشمەرگە کوژراوانەی شەڕی براکوژین. هەزاران تف و نەفرەت لە شەڕی براکوژی بێت. ئاو پێشمەرگە و رابەرە رامیارە دڵسۆزانەی ناو شەڕش، یان دەبوایە قاوقاپی لێبکەن ـ ئەمڕۆ ناکرا ـ یان تومەتکیان بیان هەڵدەبەست و داوکیان بە دەناوەوە و لە ناویان دەبردن، یا ئاوەبوو کە ناچار دەبوون، چەک دابنێن و سەری خۆیانهەڵبگرن و نیشتمانکەیان جێبهێڵن ببنە پەنابەری وڵاتان.

نووسەر دێتە سەر نوشستی شەڕش و داگیرکردنەوەی زربەی ناوچەکانی

نیشتمان لایەن رژمەوە. تا دەگاتە راپەڕین خەڵکی لە دژی رژمە داگیرکەری خوێنڕژ.
دەستپاتی بوونەوەبردن دەکەوێتە دەستی پارتییە خەسڵەتەنەکان. لە دوژمن خراپتر سەرکوت و دەمکوتی خەڵکی رەش ورووت و بەرسی و بە دەرتانی نیشتمانەکەمان دەکەن و تا دێت بەری ئازادی و یەکسانی تەسکتر دەبێتەوە. بە هەزاران لاوی جوانمان بەزاربوون و لە ترسی ڕەحیان و لە بە هیوایی دا سەری خۆیان هەڵگرت و نیشتمانیان بەجێ هێشت. بە شەکیان بوونە خەراکی ماسیی دەریاکان. بە شەکیشیان بوونەتە پێنابەرانی وڵاتان. بەشەکی زەر لەو جاشانەی کە ببوونە چاوساغی دوژمن، لە جیاتیی سزادانیان. کەچی ڕەزیان لەدەگرن و کاربەدەستن و لە پلەگە و پایەی باڵای دەسەاتدان، شوێنیان کردوونەتەوە و یاری بە چارەنووسی گەل و نیشتمانەوە دەکەن. ڕەماننووس بە راشکاوی و بەبێ ترس، بە بەڵگە و نموونەوە، باسی لەم گەندەڵییانەی کردووە.
نووسەر دێتە سەر باسی خەباتی ڕەکخراوە چاکسازی و راستکردنەوەکەیان، کە لە نیشتمان و لە دەرەوەی نیشتماندا دایان مەزراندووە. لە پێناوی داکۆکیکردنەکی سەرسەختانە لە مافەکانی سەرکوتکراوان و چەوسێنەران و مافەکانی ژنان و یەکسانی بوونیان لە هەموو مافەکدا لەگەڵ پیاوان. چونکە کچان و ژنان لە هیچ ڕوویەکەوە لە پیاوان کەمتر نین. مەگەر لە کەمەکگایەکی پیاوسالاری و نەرسالاری و ئاین سالاری و کۆنەپەرستدا نەبێت. کە وا لە ژنان دەڕوان، کایەکی بازرگانین و کەین و فرۆشتنیان پەرە دەکرێت و تەنیا بە دامەرکاندنی خرۆشی ناوگەیان، چێژ لە جەستەیان وەردەگرن. یەکسانیان لەگەڵ نەردا هەڵی سووڕە. هەر ئەم کۆنەپەرستانە تا ئەمڕۆش، کە خەزانێک چەند کچێکی هەبێت و کوڕیان نەبێت. بە وچاخ کوڕ ناوی دەبەن. ئەم مەشک پووچانە، بیر لەوە ناکەنەوە، کە هاوسەرەکانیان ژنن و دایکانیان ژنن و لە ژنان لەدایک بوونە و بەبێ ژن ناتوانن بژین. ئەوتا ژن ژیان ئازادی، بوونە بە دروشمی شەڕشی نوێی ژنان لە کوردستان و لە دەرەوەدا. ڕەکخراوەکەیان سەرسەختانە داکۆکی لە ماف و لە ئازادییەکانی ژنان دەکەن.
بە چاوی یەکسانی و هاومافییەوە، سەیری پیاوان و ژنان دەکەن. هەرس بە دیواری جیاوازی دەهێنن. ڕەکخراوەکەیان کراوە و بە سنووڕ، ئەندام و لایەنگرەکانشیان لە هەموو نەتەوەکان پێکهاتوون، کە بەوایان بە ئازادی و بە یەکسانی هەیە.
شایەنی باسیشە ڕەماننووس ناوی ئاشکرای هیچ کەس و شوێن و پارتییەکی نەهێناوە. بەڵکو هەر ئەکتەرێک لە ئەکتەرەکانی

ڕەمانەکەی، ناوەکی خوازراوی گونجاوی بۆ داناون. وەک: کێژە ڕووگەش و قژەنگەکە، بەژنوبەری گوڵەورە، هاوڕێ هەستیر، هاوڕێ سی سی، خانمی تاقانە، شێنە شاهۆ، باش باخەوان، بابی ئامەزا، کێژە تاوس ئاسایەکە، هاوڕێ کاوقوت، هاوڕێ ڕژهەڵاتی، مامەستای مەسیقاژەن، خانی کوانی، کاکە کێژانی، کیژی ئەندام پەڵەمان، خوشکە، سەرتەپ، کوریکەسەر، خونچە، شەکرستانی، ئامەزا، چاو گەش و شتەکە،... تد.
بۆ کورتی تا ڕەمانی (کەشان و چەواوگەی چەژ) ی کاک (دارا خونچە) نەخوێنەوە ناتوانن ئەو پەیام و مەبەست و ئامانجە نزیک و دوورانەی هەبەجەنن و چەژ و سوودی لەوەربگرن. ئەوەش سەرنج و ڕاخستنە و بەچوونەکانی خەتان بخەنە ڕوو. تەشدەگەن کە ئەم ڕەمانە چ ئامانجێکی: ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ بۆ ژنان و پیاوانەوەی لەخەگرتوون. بۆ یەکەم جاریش سنووری بۆشکان دەبەزێنەت. بۆ ڕاشکاوی و بوێریەوە، باس لە بەسەرهات و چیرۆک و لە چەژی دامرکاندنی خرۆش و ئارەزووی نەوان ژنان و پیاوان دەکات. بە گرنگیشی نازانەت، کە وەک هەر سەرکەشیەکی داهێنان و تازەگەری، کە ڕەمانەکەی چی ڕاخنە و مشتومڕ و دژایەتیکردنەک بۆ دوای خۆیدا دەهێنت. پەموایە نووسەری ڕاست و ئازا، یا نابەت بنووسەت، کە نووسیشی نابەت بترسەت.
لە کەتاییدا، جوانترین پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کاک دارا خونچە دەکەم. بۆ ئەم ڕەمانە مەدەرن و ریچکەشکێن و ناوازەی. من وەک خوێنەرێک، لە زەر ڕووەوە، چەژ و خۆشی و سوودێکی زەرم لەوەرگرت. چەند وشەیەکی تازەش بەرچاوکەت.
ڕەزا شوان
دوبەی: ۲۰۲۵

لە بوونەوە بۆ نەبوون یان بە پێچەوانەوە.. نەوزاد بەندی

یەکێک لە دەبەنگیەکانمان ئەویە زەر هەوە بۆ سبەینێ ئەدەین و کەبەکەمانە تاکو لە سبەینێدا بژین ، بۆ بۆ ئەوەی بزانین لە

سبەینێدا چی ڕوو دەدات ..ئەو مردووانەی لە گۆڕستانن ، هەموویان بە تاسەوە چاوەڕێی سبەینێیەک، کە تیایدا ڕووداوی مردنیانی تێدا بوو ..
ئەزانم کە هاتنی سبەینێ لە دەست خەماندا نییە ، بەڵام مەبەستم لەوەیە ئەوانەی خەونی ئەنگا و ئەنگ و هیوای گەورە بە سبەینەوە نەبینین .. ئاخر ئەو خەون و هیوا گەورانەیە بە هەیانەوە شێت و خیانەت و دەزێخ لە دنیادا دروست ئەبێ ..بەڵام کاتێ بە ئاسایی بژیت و .. بێ بە تامەزرۆیی بەیتەی سبەینەوە ، هەرچیەکی تێدا ڕوو بدات ، تا ڕادەیەک ، ئاسایی ئەبێتەوە ..واتا بژی وەک ئەوەی تێ هی دنیایت ، نەک دنیا هی تۆبێ .. چونکە بتەوێ و نەتەوێ ، تێ کەوە توخم و گەردیلەی ئەو خاکەیت ..
کێشەی بوون و نەبوون کە لە خەیامەوە تا دیکارت پەوەی سەرقاڵ بوو بوون .. پێشتریش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە کە بە لە دەستچوونەکانمان خەمبار نەبین و بێ دەسکەوەکانیشمان دڵخۆش نەبین .. چونکە ئەو شتانەی لە دەستمان چوون ، ئەگەر لەو بڕوارەیشدا لە دەستمان نەچوونایە ، لە بڕوارەکی تردا لە دەستمان دەچوون ، هەر بۆیە پەویست بە خەم بە خواردنیان ناکا .. وەک چۆن دەسکەوتەکانیشمان پەویست بە دڵخۆشی ناکەن لەبەرئەوەی بڕوارەک بە ئەوەیە تیایدا ئەو دەسکەوتانەیشمان لە دەست ئەچێ ..هەتا دڵخۆشتریش بیت بە دەسکەوتێک ، خەمبارتر ئەبیت بە لە دستدانی .. ئەمەیش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێناسەی مرۆڤی دانای لەکەوتەوە کە بەریتیە لەو کەسەی خۆشیی دنیای خۆش ناکا و .. ناخۆشییش دنیای ناخۆش ناکا .. وەک چۆن خەیام ئەڵێ : (وەها بزانە چی هەیە نییە ، چی نییە هەیە ، سەیرە ئەم حاڵە) چونکە ئەمە کە ئەڵێ هەین ، ئەنگە سبەینە نەمێنین ، لە هەمان کاتدا ئەوانەی کە ئەڵێ نین ، سبەینە لە دایک ئەبن .. بۆیە خەیام ئەڵێ وەها بزانە چی هەیە نییە و ..چی نییە هەیە !! .. کەواتە هەبوونی خەمان کە گەورەترین دەسکەوتە بەو جۆرە لەبەردەم هەڕەشەی نەبوونەدا بێ ، ئەبێ ئەو دەسکەوت و خەون و هیوایانە چ نرخێکیان هەبێ وامان لێ بکەن جەنگ و خیانەت و درۆ و بڵادا بردنی بێ بکەین ؟ .. ئا لەمڕۆدا گەمژەیی جیهانی مۆتریالیست دەردەکەوێ کە پشتی بە دەسکەوتەکان بەستووە ، لە کاتێکدا گەورەترین دەسکەوت کە ژیانە ، بەردەوام ئەمرێ .. یان گەورەترین دەسکەوت کە بوونە ، بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی نەبوونداید ..
هەر بۆیە دیکارتیش دەڵێت : کەشکە لەوەدایە من هەم یان نیم .. ئەگەر بێ من هەم ، ئەی چی لەگەڵ سبەینەدا ئەبێی کە تیایدا نەبوون خەی بێ مانا بیت ؟ ئەگەر بیشەی من نیم ، هیچ کەسێک و

پێش هەموو انیش خۆت بۆ ئاکایت ، نەبیت ..
بۆ جارێ مرۆڤ بە کەمێ ژیانی هەبژارد .. بە ئاوی بە خۆی بسڵمێنە کە هەیە .. ئەم خانووە منی تیا ئەژیم ، کەواتە من هەم .. ئەو فەرمانگەیە من کاری لێ ئەکەم ، کەواتە من هەم .. ئەو کەسە هاوسەرمە ، کەواتە من هەم .. ئەوانە منانی منن .. ئەوانە هاوڕێی منن ..ئەو جل و بەرگانە هی منن ، کەواتە من هەم .. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا ، کاتێ قوڵ ئەبیتەوە ، ئا ئەمنیت ، بۆت دەرئەکەوێ کە تۆ هەبوویەکی بێ دوای نەبووندا ئەگەیت و هەتا نەیشیدەزیتەوە ، کێ نادیت ..هەر بۆیە بە بێ ئاگاداریی خۆت ، ئەو تامەزرۆییەت بێ سبەینێ ، لێ بەزاربوونتە لێ ژیان .. لێ تێتین .. لێ گەیانتە بێ نەبوون ..بێ ئاوی ئەزگارت بێ لێ بوونێک کە بەردەوامە لێ گیان بێ نەبوون ..
بەڵام لێ قووڵکی تروە ، گیان بێ نەمریی ، کەمێکی تری سەرقاڵ کردووە ، کە لێ ئاستیدا هیچ لێ کەشۆ سەرکییەکە چارەسەر ناکا ، پێکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ .. ئەمانکانی تێستەی .. تابلۆکانی پیکاسۆ .. ناتوانن مایکل ئەنجیلۆ و تێستەی و پیکاسۆ بهێنەوە بوون ..بەو جارێ ئەیەن مادام ناویان ماوە ، کەواتە نامرن ..ئەمەیش تەنها شتێکی خەیاڵییە ، یان ئاستێر دەسکەوتکی خەیاڵییە ، بە نمونە ڤنسنتکی برسی و تینوو ، چی بکا لەوەی کە لە دوای مردنی تابلۆی گوێبەژەکەی بە 84 ملیۆن یەرۆ کڕین و فرۆشتنی پەوە دەکرێ ؟ کەواتە نامرییکی وا ، نامرییکی خەمگینە ، تەنانەت ئەگەر ڤنسنت لەناو گیدا ، بوونی بە بگەتەوە و بەوانتە ئەو سامانە گەورەیی کە خەی سەنتکی لێ نەخوارد ، ئەنگێ جارکی تر خەی بکوژتەوە ..
ئەم دەخەیش سڵمێنەری ئەوەیە شارستانییەکان و داهێنانکانی مرۆڤ ، وەک کەمێ پوش وان بە دەم زریانی نەبوونەوە ، نە ئەتوانن ، نە ئەتوانین بە چرکەی داهاتوو ، زامنی مانەویان و مانەومان بکەین .

ئاکار.. شیعری: تورج نگهبان..

وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

ئەم شیعرە لە لایەن (گەرانی بۆژ داریوش)ەوە کراوە بە گەرانی

وەی کام حکایەت و ئەفسانەی
لەم پاشە گەردانیایا،
شوەن پەی یاران بەدی ناکەی
ەوونا کی " ەووسپی گەورە" خامەش بوو،
ئەم ئەفسانەیە داگیرسا
کە میراتی هیچ ئینسانێک
لە شاری"دان" بەدی ناکەی
لە چەن ەەژەکی عومری کورتما گیانم لەدەست یا
میهرەبانیم بەرامبەر
هەموو نا میهرەبانەکان نوان
هاوغەمی و هاو سەزی
و
هاوزمانیم نوان
دوای ئەم ەەژگارە تەەەکە بازە
هیچ ئومەدکم نیە..لەدەستم یا
ئەمە ئەو کەتایە نیە کە قەولی من نیە
با وا تە نەگەی
دیاری ەەژگارم جگە لە مووی سپیم
چیتر نیە..
هەرگیز شانازیم بەوەی کردومە، نەکردوە
سکاەام لە دوو ەووی ئاشنیان نەکردوە
گەرچی شانازی زمانم
بەناو ئەسقانما داکوتراوە
"من"ێک شەو و ەەژ پەشەنگی هەەهاتوەکان بووم
سەدان گوەی ئومەدم لە سینەیا
پەرش و بەاوکردەتەوە
بە ەەنگی خەزان
ئەم ەەژگارەم لە دە نا
لە پشتی پردە ەووخاوەکانی
بەردەم نەقشەکی سەرابی
بە ووشیاری سەر مەستی
لە کەلاوەی وەرانی

کاتێ میهرەبانی گەیشت
خەڵکی لە ژیانا ماو ، بەدی ناکەی
ئاخر سەرفرازی چی ئەزانێ
لە سەرکی نزم کراو..؟
ئەم دەی مردوەکان
لەسەرم ئەهێنمە دەرەوە
گەر "فەلەک"لە گەما نەبوو
خەم"چەرخ/ ڕۆژگار" ئەخولێنمەوە
هەموو ووشە تێنەگەیشتراوەکان
یەک بە یەک..ئەکوژێنمەوە
لە دوو ڕۆژی عومرم، زەرم دی نەهامەتی
نامەوێ لەمەی ئەو گەلانێ ببیستمەوە
"من"ێک لەسەر خەڵمەشی غەم
عومرم بەسەر بردوە
خەڵمەشکەم بە سەر زینی
ئەسپی عومرم پەژانوە
بمێنمەوە یا نەمێنمەوە
بێندە پیری زەمانم
بێندە پیری ڕۆژگارم

بێ ئاگا.. شیعری شەهلا نوری

ساڵێک تەپڵەی و
ڕەنگی ئاواتەکان کاڵ بونەوە
هەموو شتێک باشە..
زستان لە هەمان کاتدا دەگەڕێتەوە،
پایز چاوەڕێی نەرمی خەی دەکات، تیکدانی کاتژمێر،
دیوارەکان..
بارانبارین،
سیماکانی پەشیمانی
ڕەزلێنانی نەبوونی
سارد و سڕی ئەو !
بەهار و چاو نەرگزی شەهلا..

یەکدەنگی ئامادەبوون...
یادەوەرییەکان دەنوسمەوە و دەیانخەمە ناو تووڕکەی گەداری
سورمەدارەوە
دەیدەم بە گالیسکەی تەمەن
بە بارهەڵگر
با بۆن و کەنە فڕشکانیش
بیفڕشنەوە...
هەموشتێک بوو بە شکست
هەموشتێک لە شوێنی خۆیدایە...
بەهام ئەو بە ئاگا
خورشید هەمان خورشیدە ، هەگا هەمان هەگایە ، زەمین هەمان زەمین...
خەزگە لە بیابانێکی خەرگیران دەبووین ،
من و ئەو
لەژێر سیبەری دارێک
یاری خەشەویستیمان دەکرد
سێ بەردی
بە ئاگایمان کە دەکردەوە
دەماندایە دەستی دەهاکەوە

شەهلا نوری

راسپاردە.. شیعری ستار ئەحمەد

لەدڵکی نەرم دەچووی
سەزی ژین
لەبەتەی ویژدانا هەڵگژ
دەستکی نەرم
شەوکی مانگ لەمل
چاوکی پە لە گە
گەردنك بەلوتکەی ئاواتا هەگژ
لەخونا گوزەرە بوونی بوو
وەلە کەم جەنگای
دژبەەفتاری کچنی

لەکێشی ئەسرینا ، سرەوتن چەکتبوو
چوون وەنەوز دڵێك ئاڵ بناسێ
لەدیدەی ئەستێرە ژانی خۆی داڕژێ
لەئاسمان دەتڕایت
بۆئەویش ژیانت مەحاڵبوو
بەهۆدی ئاوازی خەمناکیت لێدەداو
سرودی ئەوینت بەرووما دەباران
دەمزانی ناخی تۆ لەرزگار دەترسێ
هەنگاوت لەجەرگی ڕۆگادا رامان و
ئاواتت پەیوەستی زمان و
مامەڵت سوتانی ویژدان و
ئیرادەت نەگبەتی و فەوتانبوو
بۆیە گەردانەی تاریکی شەوت
کردە گەردنی پێنووس و پەڕە
شیعرت مارەکرد لەجەرگی بەسوێت
دەتزانی ئەوان لەتۆ دەگەن و
هەر شیعرە لەناڵەی نەداران دەدوێت
ئەوەتا چارەیەك خەمی تۆ قۆبکات
هەورێك چەتری خۆشبەختیت هەبدات
بارانێك زامی گۆ لەووت داماڵێ
هەوارێك سروەی چیا لەخاکا رامالێ
لەسزی بەستەدا کوردستان دەناسن
هەواڵی خۆزگەت دەسپێرن بەمن

ستار ئەحمەد